# كورد به ماستی هه ولێر و كفته ی سابوون كه ران رزگاری نابێت

ئه رده لان عه بدوڵلا

ئه ڵمانیا

كاتێک كه سه یری كه ناڵه ته له فزیۆنه كانی یه كێتی و پارتی ده كه یت . مرۆڤ وا هه ست ده كات ،كه ته نها سلێمانی و هه ولێر كوردستانه . بگره یه كێک بێگانه بێت و ئاگادری وه زعی كورد نه بێت . هه ر وا ده زانێت هه موو كورد ته نها له و دوو شاره دا

ده ژین و ، سنورو جوگرافیای كوردیش هه ر ئه وه نده یه .

به پێی مێژوو له هه ر ناوچه یه ک له كوردستان شۆرش بوو بێت . له ناوچه كانی تری كوردستانه وه هاریكاری و به شداری ئه و شۆرشه كراوه. سمكۆخانی شكاک به خۆیی و ده هه زار چه كداره وه ، هاته لای شێخ مه حموود و، خۆی به سه ربازێكی ئه و داده نا .

هه رچه نده شێخ یارمه تیه كه ی ئه وی ره ت كرده وه . له سه رده می كۆماری مهاباتدا . كوردێكی زۆر له باشوری كوردستان ،

به شداری ئه و شۆرشه یان كرد.

به لام كاتێک مه لا مسته فا بوو به رابه ری شۆرشی باشوور . ئه م هاریكاری و كۆمه كه ی له ناو برد و، شۆرشی كوردی باشور له ناوچه كانی تر جیا كرده وه .ته نانه ت كه وته دژایه تی كردنی شۆرشگێرانی پارچه كانی تری كوردستان ، به تایبه ت شۆرشگێرانی رۆژهه لاتی كوردستان .

جه لالیه كانیش له یه كه مین رۆژی دروستبوونیانه وه ، هه ولیان داوه كوردستانی باشوور بكه ن به دوو به شه وه ( بادینان و سۆران ). ئه مان زیاتر به رژه وه ندیان له مه دا بوو ، بێ ئه وه ی گوێ بده نه مه سه له ی كوردی ،بێ ووچان هه ولی ئه م كاره یان داوه .

هه رچه نده به عسیش رۆلی زۆر بوو له و مه سه له یه .

له ساڵی حه فتا وه دان به كوردی بوونی سلێمانی و هه ولێر نراوه و سه دام هیچ كێشه یه كی له وه نه بووه . وه له ساڵی 1992 شه وه سێ شاری كوردی ،به ته واوی له ژێر ده ستی به عس زرگاریان بووه . به لام هه تاوه كوو ئه مرۆش هیچ عه ره بێک به ره سمی دانی به كوردی بوونی كه ركووک دا نه ناوه . چونكه هه موو باش ده زانن ،كه ركووک و ناچه كانی تر له رووی ستراتیچیه وه چه نده گرنگن بۆ گه لی كورد . كوردیش نه به ماستی هه ولێر و نه به كفته ی سابوون كه ران رزگاری نابێت .هه ربۆیه به هه موو شێوه یه ک به تورک و عه ره به وه دژی كوردبوونی ئه و شاره ن .به لام ئه وه نده ی دوژمنانی كورد گرنگی به كه ركووک ده ده ن . یه كێتی و پارتی گرنگی پێناده ن . لای ئه وان ته نها كورسیه كه یان گرنگه .

له وه تی پارتیش به یارمه تی حه ره س جمهوری هه ولێری گرته وه .رۆژ له دوای رۆژ شه ری هه ولێری و سلێمانی گه رمتر ده كه ن . له م رۆژانه دا جه لال تاله بانی وا باسی سلێمانی ده كرد ، ده تووت ئه و كۆنه فرۆشانه ی ناو مه زادخانه كه یه ، كه به هه موو

شێوه یه ک ده یه وێت شته كۆنه كه ی ،به تازه به خه لكی بفرۆشێت . ئێمه هه موومان شاره زای سلێمانین . ده زانین كه ئه ورووپا و سلێمانی زۆریان فه رقه . من له و باوه ره دام هه تاوه كو ئه مرۆش كورد خاوه نی شارێک نییه ، كه به مانای شار بێت ، بگره

هه موویان له گه وره دێ ده چن نه ک شار .

پارتی وا باسی هه ولێر ده كات كه گوایه پایته خته و ئاوه دانیه ، كه چی ئه وه ی پێی بلێیت سیمای پایته ختی و شارستانی له و

شاره دا نییه . له هه موو جیهاندا هه موو کات ، ده وله ته کان زیاتر گرنگی به پایته خته کان ده ده ن ، چونکه پایته خت ، ئاوێنه ی هه موو گه لێکه . زیاتر بێگانه کان روو له وێ ده که ن . له لایه کی تریشه وه خه ڵکی پایته خته کان ،هه موو کات له ئاستێکی رۆشنبیری به رزتردان ، له چاوناوچه کانی تر . هه روه ها خه ڵکی پایته خت هه موو کات خاوه نی به رزترین گیانی نه ته وایه تین له هه موو جیهاندا . به ڵام ئه م پایته خته ی ئێمه ، ئه وه ی پێی بڵێیت سیمای شارستانی له و شاره دا نابینرێت. بگره ته نها جامانه ی سور و ته کسی کۆن و پیاوی ورگ زل ده بینیت، که خه ریکی گلۆبه رۆژه قرتاندنن .

له لایه کی تریشه وه نزمترین ئاستی گیانی شارستانی و نه ته وایه تی له و شاره دایه . پێش چه ند ساڵێک خه ڵکێکی زۆر بۆ شه کرو چای خۆیان کرد به تورک ، له به ر ئه وه ش زۆر ئاسایی بوو که ده نگ بده نه پارتی . چونکه پارتی هه ر چۆنێک بێت کورده و

شه ڕواڵ له به ر ده کا ت .

له هه مان کاتدا ئه و شاره هه تاوه کوو ئه مرۆش زۆربه ی گه ڕه که کانی به تایبه ت هه ژاره کان، نه ئاو نه کاره با نه ئاوه ریان نییه . که چی پارتیش لا ڤ و کوتاڤی ئاوه دانیمان بۆ لێده دات .باسی دروستکردنی بازاری گه وره م بۆ ده که ن ، که ئه ویش زیاتر له به رژه وه ندی خۆیانه ، نه ک خه ڵکی هه ولێر.

گه ر خه ڵکی به ته مای ئه مانه بێت که رکووکی بۆ رزگار بکه ن .ئه وا باشتره هه رچی زووتره ئه و خه ونه یان زینده به چاڵ بکه ن . چونکه ئه مانه سه لماندیان که چه نده دژی کوردن . ئه مانه بۆ به رژه وه ندی خۆیان ئاماده ن، هه موو شتێک بکه ن . یه کێتی و پارتی ئاماده ن شه ڕ له نێوان هه موو خێل و عه شره ته کوردیه کان دروست بکه ن . له شاره کانیش ئاماده ن گیانی گه رکچێتی و شه ره گه ره کیش دروست بکه نه وه . ئاماده ن جاشایه تی بۆ هه موو داگیرکه رێک بکه ن ، زۆر به شانازیشه وه باسی ده که ن .

باشتره دوژمنانی کورد هێنده خۆیان هیلاک نه که ن چونکه ، هه تا ئه مانه سه رکردایه تی ئێمه بکه ن ، ئه وا هه رگیز کورد

به خه ویش ده وله تی خۆی نابینێت .